# مەڵبەندی تەندروستی فایەقی حاجی عەلی
# پرۆژەیەكی مرۆڤدۆستانە لە سلێمانی

**نارام عیسا**

رۆژی ٢٠١٠/٢/٦ بە چاودێری د.تاهیر هەورامی وەزیری تەندروستی، مەڵبەندی تەندروستی فایەقی حاجی عەلی لەگەڕەكی گردی سەرچنار كرایەوە، جیاواز لەو پرۆژانەی تر كەوەزارەتی تەندروستی ئەنجامی داوە ئەم پرۆژەیە پرۆژەیەكی خێرخوازییەو لەلایەن خێرخوازێكی شاری سلێمانییەوە جێبەجێ كراوە.

بەڕێز جەمال حاجی عەلی وتی: (بڕیارێكی بنەماڵەكەمانە كەچەند پرۆژەیەكی خێرخوازی لەشارەكەماندا ئەنجام بدەین وەك دروستكردنی خەستەخانەو قوتابخانەو مزگەوت.

پێش ئەم مەڵبەندە تەندروستییەش قوتابخانەی (جەمال حاجی عەلی)مان دروستكرد ماوەی دوو ساڵە دراوە بەپەروەردەی سلێمانی و وانەی تێدا دەخوێنرێت. هەروەها مزگەوتی (ئەحمەدی حاجی عەلی) لەسەر شەقامی سەرچنار لەتەواوبوندایە).

مەڵبەندی تەندروستی فایەقی حاجی عەلی لەسەر رووبەری ٢٤٠٠م٢ بنیادنراوە كە ٩٠٠-١٠٠٠م٢ بینای مەڵبەندەكەیەو چەند بەشێك ئەگرێتە خۆی لەوانە ژوری پزیشك، پزیشكی ژنانو تاقیگەو دەرمانخانەو ژووری برینپێچو دەرزی لێدانی پیاوانو ژنان، جگە لەبەشی هێڵكاری دڵ.

بەڕێز هێڤی مستەفا بەڕێوەبەری مەڵبەندكە وتی: (مەڵبەندەكە هەرچەند لەگەڕەكی گردی سەرچنار دروستكراوە بەڵام ئەتوانێت خزمەتێكی گەورەش



بەگەڕەکەکانی قلیاسانو سەرچنارو شەکرەکەش بکات)، وتیشی: (لەپلاندایە چەند بەشێکی تر بۆ ئەم مەڵبەندە زیاد بکرێت وەك بەشی پزیشکی ددانو تیشكو فراوانکردنەکەش بەندە بەپێویستی گەڕەکەکەو ئەو نەخۆشانەی سەردانی ئەکەن).

کاك هێڤی وتیشی: (یەکێك لەو خزمەتگوزاریانەی کە مەڵبەندەکەمان ئەتوانێت پێشکەشی بکات لەکاتی کوتاندا هاووڵاتیان ئەتوانن منداڵەکانیان لەوێ بکوتن. بەشی چاودێری دایکایەتیو منداڵانیش ئەتوانێت خزمەتێکی گەورە بەدایکانی دووگیانو کۆرپەکان بگەیەنێ.

مەڵبەندەکە لەئێستادا ٢٠ کارمەندی هەیەو ڕۆژانە لەسەعات ٨ی بەیانی تا ١:٣٠ پاش نیوەڕۆ لەپێشوازی هاووڵاتیاندایە. لەداهاتووشدا بەنیازین ئێوارانیش مەڵبەندەکە کراوەبێت).

یەکێك لەو هاووڵاتیانەی کەسەردانی مەڵبەندەکەی کرد پێی وابوو مەڵبەندەکە خزمەتێکی گەورە بەخەڵکی گەڕەکەکە دەکا ئەویش بەهۆی نزیکی لەماڵەکەیانو بوونی شوێنی دەرزیلێدانو دەرمانخانە.

بەڕێز جەماڵی حاجی عەلی ئاماژەی بەوەکرد پێویستە لەسەر هەموو سەرمایەدارێكو دەوڵەمەندێك خزمەتی شارەکەی بکات. خزمەتکردنی خەڵك تەنها ئەرکی حکومەت نییەو ئەرکی سەرشانی هەموو تاکێکە.. ئەمڕۆ لەکوردستان سەرمایەدارێکی ئێجگار زۆرمان هەیەو دەتوانین ئەو کەمو کورتیانەی کە هەیە لەڕووی خوێندنگەو خەستەخانەو مزگەوت پڕبکرێنەوە.

بەڕێز جەماڵی حاجی عەلی وتیشی: (ئێمە بەڕادەستکردنی پرۆژەکان کاری خێرخوازیمان تەواو نابێت بەڵکو بەردەوام سەردانی پرۆژەکانمان ئەکەینو لەکورتیەکانی ئەکۆڵینەوەو چارەسەری دەکەین).



هێڤی مستەفا



جەمال حاجی عەلی



ژووری پشکنینی نەخۆش



تاقیگەی مەڵبەندی تەندروستی فایەقی حاجی عەلی